# کاریکاتێرەکانی محەممەد!

**سەرکەش** / ئۆپسالا/ سوید
a_sarkash@hotmail.com



مناڵەکان
کەوانەکان ئەخوێننەوە.
ئەگەر ڕۆژ بوو.
لەکونجێکا کپ هەڵتووتێن
ئەگەر شەو بوو.
باچراکان کز بسووتێن
چاک ئەزانم.
گەورەکانتان بتانبینن.
داختان ئەکەن
وانەکانم ئەسووتێنن.
دێن. دووبارە.
جەستەی حەللاج ئەدەنەوە لەسێدارە.
(پەشێو)

لەم ڕۆژانە هەواڵگری ڕادیۆی سویدی لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست، لە پرۆگرامێکی ڕادیۆیی کەنالی (پ 1) بەم شێوەیە، باسی ئەو قەیرانەی کرد کە لەماوەی بووری کاریکاتێرەکانی محەممەد* بۆ پەیامنێرە دانمارکییەکان درووستیان کرد.
کورتەی ڕاپۆرتە دەنگییەکە ئاوابوو**.
***(لە هیچ کات و سەردەمێک لەخۆرهەلاتاناڤین، واتە نەلە شەڕی هەشت ساڵەی عێراق ئێران، شەڕی کوێت، شەڕی ئەفغانستان و نە لەشەڕی دووەمی کەنداو مرۆ ئەوەندە ڕووبەڕووی ڕۆژنامەڤان و هەواڵگری ڕادیۆیی، تەلەفزیۆنی، ڕۆژنامەیی سویدی نەبۆتەوە وەک ئەم ماوەیەی ڕابردی و لەو قەیرانەی کاریکاتێرەکانی محەممەد پێکیان هێنا.
لە وولاتی میسر بانگهێشتی میوندارییەک کرابووم بۆکاری هەواڵگری، لەنێوئاپۆڕەی خەڵکدا دەیان جار پرسیاری ئەوەیان لێ دەکردم کە ئایا من سویدیم یا دانمارکی؟ هەمان هەر ئەم پرسیارەیان چەند بارە دەکردەوە بۆ ئەوەی تەواو دڵنیابن کە سویدیم نەک دانمارکی.
دواتر کەلەگەل وەرگێڕەکەمدا کەوتینە ناو قسان، وەرگێڕکە گێڕایە کە ڕۆژێک گرووپێک ڕۆژنامەنووسی دانمارکی بردووە، بۆ نوێژی هەینی یەکێ لەمزگەوتە گەورەکانی قاهیرە ، منیش بەسەرسووڕمانەوە پرسیم چۆن؟ ئەمیش بەزەردەکەنینەوە، من لەوێ و لە هەموو شوێنەکان بەگرووپێک ڕۆژنامەنووسی سویدیم دانەنیاسین، ئینجا لەو ڕاستییە گەیشتم کە بۆ ئەوەندە ڕۆژنامەنووس و

هەوالگری سویدی زۆر بووە، دیارە تەواوی ڕۆژنامەڤان و هەوالگرە دانمارکییەکان لەژێر دەمامکی سویدی کارەکانیان ئەنجام دەدەن.)

دوای گوێ گرتن لەم پەخشە ڕادیۆییە، جارێکی تر سیمای دزێو و ناشیرنی سیستێمی زەبرو زەنگ، هەڕەشە و تۆقاندنم هاتەوە بەر چاو کە چۆن پێشێلی تەواوی ماف وئازادییەکان دەکا، چۆن هەموو هەست و نەستەکانی مرۆ کپ و بێ دەنگ دەکا، چۆن هەموو هەناسە ود ەنگ و ڕەنگێکی ئازایخوازانە دەخنکێنێ، چۆن مرۆ بەلاڕێ دادەباو ناچاری دەکا درۆ بکا، دەمامک بپۆشێ و ساختەکارانە بێتە ڕوو.

10-03-2006

---

*مەبەست ئەو کاریکاتێرانەیە کە ڕۆژنامەی یێلان پۆستی دانمارکی لە ژمارەیەکی خۆیدا چاپ و بلاوی کردبۆووە.

**هەولم دا دەقی ئەم بابەتە بەسویدی لە مالپەڕی ڕادیۆی سویدی پرۆگرامی 1 پەیداکەم و بیکەمە کوردی بەلام بەهۆی فریانەکەوتن و سەرقالیم، ناچاربووم تەنیا، بەوەندە ئێبوور بکەم کە پووختەی ناوەرۆکی بابەتەکە بەکوردی بگێڕمەوە، هێندە لەخەمی وردەکارییەکان دانەبم.

***پوختەی قسەکانی هەوالگری ڕادیۆی سویدی پرۆگرامی 1